# چی شتێک پێویستە خوێندکاری کۆلێژی پزیشکی ئەنجامی بدات بۆ ئاینەکەی

[ kurdish – کوردی – كردي ]

لیژنەی هەمیشەیی بۆ لێکۆلینەوەی زانستی و فەتوا و بانگەواز و رێنمایی

وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# ماذا يجب على طالب الطب تجاه دينه؟

« باللغة الكردية »

اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء والدعوة والإرشاد

ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# چی شتێک پێویستە خوێندکاری کۆلێژی پزیشکی ئەنجامی بدات بۆ ئاینەکەی

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی لیژنەی هەمیشەیی بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی و فەتوادان کراوە :

**پرسیار** : من خوێندکاری کۆلێژی پزیشکیم لە زانکۆی ئەزهەر، پێداچوونەوەی وانەکان وئامادەکردنیان کات وهەوڵ وکۆششێکی زۆری دەوێت لێم، هەلیش بۆ فێربوونی ئاینی پیرۆزی ئیسلام لەبەردەمدا زۆر کەمە، ئایا بە چ شێوەیەك وانە خوێندن و هەوڵ وکۆششەکانم بکەم بە ( عبادەت ) بۆ خوای گەورە ؟ بۆ ئەوەی خوای گەورەش منەت وبەرەکەتی خۆی بڕژێنێت بەسەرمدا، ودەرگاکانی زانست وزانیاری وتەوفیقی خۆیم بەسەردا بکاتەوە، بۆ ئەوەی لەپاشەڕۆژدا خوێندکاریّ سوود بەخش بم بۆ موسڵمانان و بەهێزکردنی هەیبەتیان، وەڵاممان بدەنەوە خوای گەورە پاداشتی خێرتان بداتەوە .

**وەڵام** : سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفى وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

واجبە لەسەر موسڵمان تەعالیمەکانی ئاینەکەی فێر بێت بە ئەندازەی ئەوەی کە بتوانێت فەرمانەکانی خوای گەورە جێ بەجێ بکات، وە نابێت هیچ شتێکی تر سەرقاڵی بکات لە نەکردنی ئەو واجبانە، هەروەك چۆن فێربوونی پزیشکیش فەرزی کفایەیە لەسەر موسڵمانان، وە فێربوونی تەعالیمەکانی دینیش فەرزی عەینە لەو بابەتانەی کە پێویستی پێیەتی، وە فەرزی عەینیش پێشدەخرێت بەسەر فەرزی کفایەدا، بۆیە دەبێت بزانیت ئەو بابەتانەی کە هەر دەبێت لە دیندا فێریان ببێ واجبن لەسەرت، وە دەبێت ئەمەش وات لێ نەکات کەببێت بەرێگر لەبەردەم فێربوونی زانستەکانی پزیشکیدا، وە دەکرێت خوێندن وهەوڵ وکۆششەکانی فێربوونی کۆلێژی پزیشکی بکەیت بە ( عبادەت ) بۆ خوای گەورە، ئەویش بەوەی کە دڵسۆزی و ئیخلاصت هەبێت بۆ خوای گەورە، وئەوکارەت تەنها لەبەر ڕەزامەندی ئەو بێت، کاتێك دەتەوێت سوود وقازانجت هەبێت بۆ موسڵمانان، وە هەستیت بە ئەنجامدانی ئەوەی کە ئوممەتی ئیسلام پێویستی پێیەتی لەوەی نەخۆشەکانیان چارەسەر بکەیت و هەوڵبدەیت بیان پارێزێت لەو نەخۆشی و پەتایانەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە بەیارمەتی خوای گەورە، بەمەش خوێندن وهەوڵ وتێکۆشانت لەگەڵ نیەتی چاکت بۆ ڕەزامەندی خوای گەورە دەبێت بە عیبادەت .

خوای گەورەش هەموو لایەك موەفق بکات .

وصلى الله على نبينا محمد واله وصحبه وسلم

سەرچاوە : فەتواكانى ليژنەى هەميشەيى بۆ لێكۆڵێنەوەى زانستى و فەتوادان